www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 31-8-2006 1:35

# ئایندەمان روونە لەپای چارەسەی خێڵەکی ... دیاری فەریدون

هەر لە مێژە تائەم ساتەی کەتێیدا گوزەر دەکەین یاسا وچارەسەری خێڵەکی دوو راستە هێڵی تەریبن هەتاهەتا ناگەن بەیەك. بەڵام ئەوەی کەنابێت ئەوەتا لەناو کۆمەڵگاکەماندا روویداوا ئەو دوو راستەهێڵە یەکیان گرتۆتەوە بۆ بەدبەختی کۆمەڵگاکەمان.
لەناو کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکاندا بەتایبەتی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەراست وەیان باشترە بڵێن ئەو کۆمەڵگایەی عەقڵی خێڵەکی ئەیبات بەرێوە لەبری یاسا، یاساش بوونی نەبێت گەر هەشبێت تە نها بۆ رۆتینەو لەهەندی شوێندا یاسا کاری خۆی دەکات لەسەر ئەو کەسانەی کەیاسا دەیانگرێتەوە، کەدەڵێم یاسا دەیانگرێتەوە لەبەر ئەوەیە کەسەکە کەسی لەپشتەوە نییە تاپارێزگاری لێبکات ودەربازی کات لەبریارەکانی یاسا.
ئەو وولاتەی یاسا دەیبات بەرێوە وولاتێکی نمونەیی یاسایی دەبێت لەهەمو لایەنەکانیەوە لەبەر ئەوەی لەو وولاتەدا کەس لەسەرو یاساوەنییە.
بەڵام ئەوەی لەم دواییدا بەدی کرا گوێنەدان بوو بەیاسا رووکردنە بەر چارسەری خێڵەکی کەلەم ناوەندەشدا کەسانی بێ توانا بوونەتە سوتوی ئەو چارەسەرە بەتایبەتی ژنانی کۆمەڵگا کەهەمیشە وەك قوربانیەك بەکاردەهێنرێت بۆچارەسەری کێشەکان لەلایەن سەرۆك خێلەکانەوە، کەلەبری خوێن ئەدرێن وهەندی جاریش چارەنوسی ئەوژنانە نادیارن و نازانین چیان بەسەر هاتووە.
ئەوەتا لەناو کۆمەڵگای خۆماندا رۆژانە چەندین چیرۆکی سەیرو سەمەرەو دڵتەزێن دەبیستین دەربارەی چارەسەری خێڵەکی کە لەرێگەی سەرۆك خێلەکانەوە چارەسەری کێشەکان دەکەن. دواین چارەسەری ئەوەیە کە لەلایەن زیاتر لە 11 سەرۆك خێڵ کراوە لەکێشەیەکی نێوان دوو بنەماڵەدا ئەویش بنەماڵەی مهاباد وساڵح مزەڵی کەهەستاون بەچارەسەری کێشەکەیان لەرێگەی چارەسەری خێڵەکی بەری بڕی 17 دەفتەر دۆلار درا بەبنەماڵەی مهاباد لەپای کێشەکەیان، ئەوەی جێگەی سەرسورمانە ئەم کێشەیە ماوە پێنج ساڵە کۆتایی پێ هاتوە دادگا بریاری کۆتای خۆی دابوو لەسەر کێشەکە بەزیندانی کردنی بۆ ماوەی هەتاهەتای کەچی لەپاش پێنج ساڵ تێپەر بوون بەسەر دادگاییەکەو چارەسەرێکی تریان بۆ دۆزیەوە لەدەرەوەی دادگا لەلایەن سەرۆك خێڵەکانەوە کەهەستان بەچارەسەر کردنی کێشەکە، داخەکەم ئەوەی لەراگەیاندنەکانەوە بڵاودەرکرێتەوە کەسانی هەڵگری خاوەن بروانامەی یاسا ئەوانیش بروایان بەو چارەسەرە هەیە وقسەیان تێدا کردووە و چاوەرێی ئەوەن کەلەپەرلەمانی کوردستان بریارێك دەربچێت بۆ ئازاد کردنی ساڵح موزەڵی بەپێی بریارێك کەمافی گشتی (حق العام) کەی لەسەر لاچێت قسەم لەسەر ئەوەیە بەوجۆرە چارەسەری کێشەکانمان بکرێت کەیاسا بریاری خۆی لەسەر دابێت لەپاش یاسا روودەکەنە سەرۆك خێڵەکان گەر وابروات یاسا گرنگی نامێنیت و دەرگاکان زیاتر ئاوەڵا دەبێت بۆ کاری نابەجی و پێشل کردنی مافی مرۆڤ لەبەر ئەوەی کێشەکان چارەسەری لەدەرەوە دادگا دەکرێت وە باخوێنی دەیانی وەکو مهاباد بەفیرۆ بروات کەسیش بۆی نییە قسەی لەسەر بکات.
گەر قسەشی لەسەر کرا ئەوەتا چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە چونکە دۆسیەی کێشەکانمان لەناو هۆڵی دادگاکانەوە گواستراوە بۆ ژێر دەستی یاسایەکی نوی بەناوی (چارەسەری خێڵەکی) بۆناو فەرهەنگی یاسا و لەسایەی ئەووشەیەوە ئایندەمان روونتر دەبێت.